# جەستەی تاک جەستەی کۆمەڵ

**ئەحمەدی مەلا**

جەستەی کۆمەڵگە و جەستەی ئینسان لە زۆر بارەوە پێک دەکەن. جەستەی ساغ و نەساغ هەیە، جەستەی هیلاک و ماندوو و جەستەی چالاک و گورج هەیە، جەستەی خەواڵوو و تەوەزل و جەستەی تۆکمە و وریا هەیە... یەکێک لە نەخۆشییە کوشندەکانی کۆمەڵ ئەوەیە کە تاکەکانی ئەو کۆمەڵە درک ناکەن کە جەستەی کۆمەڵ نەساغە و کەواتە تاکەکانی ئەو کۆمەڵەش هەست ناکەن ئەم نەساغییە پێویستی بە عیلاج هەیە و نە پێویستیشی بە بیرلێکردنەوەیەکی ورد هەیە! کەواتە نەخۆش تا دێت نەخۆشتر دەبێت.

بارێکی دیکەی تەشخیسکردن هەیە. درک دەکرێت کە کۆمەڵگە نەساغە، بەڵام لە جیاتی بیر لە هەتوانێکی گونجاو بکرێتەوە، بیر لە دەیان رێگای چارەسەر دەکرێتەوە کە هیچیان دەرمانی تەواوی نین بۆ ئەو نەساغییە.
یەکێک لەو نەساغییە کە ئەعرازەکەی لە رەجمکردنی "دوعا" دا دەرکەوت، ئەعرازی جەستەیەک ماندوو و نەخۆشە، ئەعرازی رۆحێکی کڵۆڵ و نابینایە، ئەعرازی نەخۆشیی کۆمەلگەیەکە کە دەبێ زۆر بە پەلە سەرتاپای ئەندامانی بیر لە رێگاچارە بکەنەوە، چونکە "دوعا" وێنەی دوێنێ و ئیمرۆمانە، هەروەها وێنەی هەموو سبەێنێیەکانمانە ئەگەر هەوڵ نەدرێت چارەسەر تەواو پەیا کرێت.

هەتوانی ئەم نەخۆشییە کۆمەڵایەتییە نە بە شیعر چارەسەر دەکرێت کە لەم ماوەیەدا سەرجەم لاپەڕەی ماڵپەڕەکانی داگیر کرد، چونکە شیعر گۆرانییەکی پەنهانە دەچرپێنرێتە بناگوێی وجوود و غەمێکە رەنگبێ سەرابێک برەوێنێتەوە، بەڵام دەردی کۆمەڵایەتی چارەسەر ناکات!
هەتوانی ئەم نەخۆشییە نە بە وتاری فەمینسم چارەسەر دەکرێت وەکو ئەوەی خاوەناکانی چاوەڕوانی رووداوی وا بن بۆ ئەوەی نووکی قەڵەم لە رووی سپیتی کاغەز بەرزکەنەوە و بەڵکو هاواری ژانێ ویژدان دەهێنێتە جوولە!
هەتوانی ئەم نەخۆشییە نە بە بانگکردنی هاووڵاتییە یەزیدییەکان چارەسەر دەکرێت و پیاوانی حکوومەت بەرامبەر بە کامێرا دایانێشینن هەروەکو دەیان جار وەرزشەوان و پیاوانی سەندیکا و نووسەران و رۆشنبیران کۆ دەکەنەوە و وەعز و ئیرشادیان دەدەن : ترس بۆ ماوەیەک دەڕوێتەوە و کۆمەڵگاش هەر بە نەخۆشی دەمینێتەوە.

بە کورتی هەتوانی ئەم نەخۆشییە نابێت بە شێوەیەکی ئیستیعرازی، بەشیوەی هەڵوێست وەرگرتنی کاتیی و لە شێوەی تۆڵەی کولتووری پێشکەشی جەستەی کۆمەڵ بکرێت، بەڵکو دەبێ زۆر بە جیدیی و شێلگیرییەوە جەغد لە سەر هەموو فاکتەرەکان بکرێت و لەم رووەوە حکوومەت و کۆمەڵگە مەدەنییەکان، لە رێگای پسپۆرانەوە بیر لە داڕشتنی پرۆگرامێکی رەها بکرێتەوە کە بە وردی بیر لە سەرجەم هۆکارەکان بکرێتەوە و بەشیوەیەکی بەرنارێژکراو چارەسەرکانی بۆ دابێن بکرێت.

هەڵبەتە پەروەردە دەچێتە خانەی یەکەمەوە : پەرەردە لە ڕێگای قووتابخانەکانەوە، پەرەوەردە لە ڕێگای تەلەڤزیۆنەوە کە ئەم وریاکردنەوەیە ئەرکی نەتەوایەتییە نەک میهرەجانە فۆلکلۆییە یەک لە دوای یەکان. لە ڕێگای رادێو و بەستنی کۆڕی تایبەت هۆشیارکردنەوە بە مانا هەرە تەندروستییەکەی نەک ئەویش تەنها هەر لە پێناوی پرۆپاگەند بێت. بەڵام پەروەردە دەبێ لە ژێر دەستی کۆنەخوازان قووتار کرێت!

ئەم جۆرە تراژیدییانە جۆرە هاوارێکە لە توونێلی رۆحی کۆمەڵێکی نەساغەوە دەردەپەڕێت، جۆرە بانگەوازێکە بۆ ئەوەی ئەم تراژیدییانەی کە لە دوێنییەکاندا، بە پەنهان و نهێنی دووپات و دەپات دەبوونەوە، جارێکی دی روو نەدەن.

دیمەنی ئەم تاوانە بە قەد تەمەنی غەریزەتاریکئامێزەکان کۆنە و هەموو سەمبۆلێکی ئارکایکی لە دەور کۆ بۆتەوە. جەستەی تاک : جەستەی قوربانییە و دەستەیەکیش کە سەمبۆلی کۆمەڵن روخساری تاوانبارە و چەکی تاوانیش بەردە. تاک جەستەی مێیە و کۆمەڵ پیاوانن. بەرد و تاک و کۆمەڵ ماددەکانی ئەم دیمەنە ترسناکەیە.

لێرە بەرامبەر بە هاوکێشەیەکی زۆر دەلالەتبەخش دەبینەوە. زۆرانبازی نێوان ئازادکردنی جەستەی تاک لە جەبر و جەبەرووتی کۆمەڵ. کۆمەڵ بە بێ یاسا، بە بێ عورف، بە بێ بیرکردنەوە، جەستەی تاکێکی کۆمەڵ، تاکێکی ئازاد بە زەبری هێز لەناو دەبات بۆ ئەوەی سەروەری کۆمەڵی پیاوان و هەر ئەوان و بەس خاوەن تاقە بڕیار بن.

ئەم زۆرانبازییە لە سەر زەمینەیەک گەشە دەکات کە لە مێژایە، مێژووی ئێمە دەتەنێ. ئەویتر دەبێ حەپسی عورف و عاداتەکاتی کۆمەڵ بێت ئەگینا مافی وجوودی بۆ نییە.
فیکرە هەرە سادەکەی ئەم تێڕوانینە ئەمەی لای خوارەوەیە : ئەویتر دەبێ بیچمی تەنها لە بیچمی من بچێت ئەگینا مافی ژیانی نییە. بیچمی منیش بیچمێکی نەگۆڕی سوننەخوازی جەستەیەکە تەنها هەر غەریزە سەرەتاییەکان رابەریی دەکەن. لە ناواخنی ئەم فیکرەیەوە هەموو ڕێبازە توندڕەوکان سەرهەڵدەدەن، هەموو گرووپە سەلەفییەکان گەرا دادەنێن و هەموو شەڕە ناوخۆییەکان چەکەرە دەکەن...
کەواتە ئێمە وێڕای پلانێکی پەروەردەیی، وێڕای خەملاندنی کۆمەڵ، پێویستمان با یاساگەلێکە کە ئازادییەکانی تاک بەرامبەر بە جەوری کۆمەڵ مسۆگەر کات، سنوور بۆ کۆمەڵ دانێت بۆ دابێن کردنی ئازادییە سەرەتاییەکان کە ئازای جەستە یەکێک بێت لەو ئازادییانە، چونکە بە بێ ئازادییەکی راستەقینەی تاک، کۆمەڵ تەنها وەکو جەستەیەکی نەخۆش بەرە و ئەشکەوتەکانی هەلاکەت هەنگاو دەنێت!!

دانیشگای کاستیا لا مانچا-ئیسپانیا